# باهەموو شتیکمان بکەین بەقوربانی یەکگرتن،بۆ کوردو کوردســـــتان

**ئەحمەد دەشتی**

گەلۆگەورەترین موژدەی سەرکەوتنی گەلی کورد وگەیشتن بە ئاواتە دیرینەکانمان گیانی یەکبوون و پتەو کردنی ڕیزەکانی گەل و سەقامگیری ئاشتی نێوان خودی گەلی کوردە لەکوردستان دا ، یەککگرتن و ئاشتی لە نێوان گەلی کوردابە تایبەتی لەم ڕۆژگارە ناسکەدا سەرمایەی سەربەخۆیی و سەربەرزی و وەدی هاتنی هیواو ئاواتی شەهیدانی کوردو کوردستانە ، ئەوانەی هۆکاری شەڕو پیێك دادان و گیانی ناپاکی و خۆکوژین وتا خەراپە هەبێن چاکە ناکەن هەموو ئەمانە دوژمن بە خاك وگەلی خۆیانن،دەبا هەموو کوردێك تەنیاو تەنیا بۆ کوردستان لە ڕێگەی ئاشتی و یەککگرتنی گەلی کورددا تەواوی هەست و هۆش و بیری خۆی وەکار بخاتن،هەموو لە هەموو ڕابەرو پێشمەرگەو هونەرمەندو ڕۆشەنبیرو تەواوی چینەکانی گەلی کورد و هەموو خەلکی کوردستان بە یەکەوە بە دل و بە گیان بۆ سەرکەوتنی کوردستان بلێین بژی یەککگرتن و بمرێ هەستی خۆکوژی و یەك نەگرتن،هەموو کوردێکی بە شەرەف زۆر چاك دەزانی کە تەنیا یەك گرتن بە ئاوات و ئامانجەکانی کوردستانمان دەگەیەنی جابۆیەکە پێویستی سەر شانی هەموو کوردێکی دلسۆز و خاوەن کەرامەتە کەلە هەموو کاتێك دا بە گیانێکی دوور لە هەموو هەست و بۆچونێکی تەسك و تریسکی حزبایەتی لە پیناوی ڕزگاری کورد و کوردستان دا لە ژێر چنگی دڕەندەکان دا بەو پەڕی دلسۆزیەوە لە خەبات و تێکۆشانی ڕاستەقینەی کوردایەتی دا هەرگیز درێغی نەکەین و کوردستانمان لەناو دەروونمانەوە لە هەموو شتێك گەورەترو بە نرختربنێین،چونکە کە کوردستان نەبێتن هیچ کەسێکمان هیچ نین و بوونی هەموو سەروەت و سامانێکیشمان هەرگیز نرخی نیەو هەمیشە ژێر چەوك و چەوساوەی دەستی داگیرکەرەدڕندەو زۆردارەکان دەبین ، هەر بیرو بۆچون و هەولێکیش کە بۆ کوردستان و ڕزگاریمان لە ژێر چنگی داگیرکەرە فاشت و دڕندەکانەوە نەبێتن ئەوا هیچ بایەخێکی بۆنیەو بیرو بۆچوونێکی پڕ و پوچە ،خۆ لە دواییش دا هەموو ئەوانەی کە دوورن لە هەستی نیشتمانپەروەری هەر شکەست دەخون و قەت سەر ناکەون شەرمەزاری خاك ونەتەوەکەیان دەبن،هەر حزب و لایەنێکیش جا چە بچوك چە گەورە کە بۆ کوردستانی خۆی نەبێتن هەرگیز سەرکەوتوو نابێتن، دروست بوونی هەر بیرو باوەڕێکیش لە کوردستان دا کەبۆ کوردستان نەبێتن و کوردستان بکەن بە قوربانی ئەو بیرو بۆچونانەئەوا هەرگیز سەرکەوتوو نابێتن،دەبێ هەموو کوردێ پێش هەموو شتێك کوردستانی زێدی باوك و باگیرانی خۆی لە هەموو هەست وبۆچونێك بە گەورە تر بزانێ ، پاراستنی کوردستان و ئاواتی ڕزگاری و سەربەخۆیی ئەم گەلە چەوساوەیەمان بەوە سەر دەکەوێتن کە هیچ کەسێك مافی ئەوەی نەبێتن کە لە خەتی سوری نیشتمانی بپەڕێتەووبە هەوەسی خۆی موساوەمە لە سەر کێشەی گەلەکەی خۆی بکاتن و کوردستان بەرەو مال وێرانی و شەڕی خۆکوژی و گیانی دژایەتی و نیفاق و یەکتر نەگرتن و دوو بەرەکێ بەرێتن وهاوکارو دەستی داگیرکەرانی ملهوڕو زۆردار بێتن و بە ناوی کوردایەتیەوە گەلی کورد بەرەو هەلدێرو نەمان بباتن و هەموو شتێك بە مافی خۆی بزانێ کە ئەنجامی بداتن ئەگەر دوا ڕۆژی ئەو هەنگاوەشی خاپوورکردنی کوردستان و لە ناو بردنی گەلی خۆشی بێتن، هەموو ئەوانەی کە دلسۆزانە لە ڕێگەی خاك و نەتەوەکەیان ژیرانەو مەردانەو خاکپەروەرانە خەبات دەکەن هەرگیز خۆیان نادۆڕێنن ئەمانە سەروەرو سەرکردەو ڕابەری ڕاستەقینەی گەلەکەمانن و جیگەی شانازی هەتا هەتایەن و هەردەم لە ناو دل و دەروونی میللەتەکەمان دان کە هەرگیز نامــــرن و هەمیشـــــە سەربەرزن،چەند خۆشە ،چەند شیرینە ،چەند بەنرخە کە هەمیشە هەموو کوردێك دلسۆزانە هەنگاو بنیێت و بە دل و بە گیان وەك ڕۆژی ٤,١٠,٢٠٠٢ کە لەپەرلەمانی کوردستان دا پارتی و یەکێتی بەیەکەوە دەستیان نایە ناو دەستی یەك و بۆ هەتوان کردنی هەموو ئەوبرینانەی کەسالەهای سالە لە سەر جەستەی هەموو کوردێکی دلسۆزدا تەشەنەی کردووە و بۆ لە ناو

www.kurdistannet.org

بردن و ساڕێژ کردن ئەم زامە کولانەی پڕ لە ژانمان دەستیان بۆ یەك درێژ کردو هەتوانی یەکگرتنیان لەپێناوی بەرژەوەندی میللی وخۆشەویستی کوردستان دا ڕەچاو کردو لەوێ ڕا چارە سەری کردنی ئەو برینانەیان خستە بەر تیشکی چارەسەری وبەهەتوانی یەکگرتن دلی ملیۆنها کوردیان شاد و خەندان کرد ، کێ هەیەکە کوردێکی دلسۆز بێت و بەم هەنگاوە پیرۆزە سەر بەرز نەبێت،کێ هەیە کە کوردێکی پاك بێت و ئارەزووی یەك گرتن و یەکێتی نێوان ڕێزەکانی گەلی کوردی مەبەست نەبێت؟ ئەمە بۆ خۆی هەنگاوێکی ئەوەندە پیرۆزە کە ژیاندنەوەی هەستی پاکی کوردایەتی ڕاستە قینەیە ودلی هەمووکوردێکی دلسۆزیشی خستە شادبوونەوەو بوو بە خەنجەرێکی کاریگەریش لەسەر دلی داگیرکەران و نەیارانی کوردستان و هەموو ئەوانەی کە دژ بە یەکگرتن و یەکێتی گەلی کوردن تۆقان و چاویان کوێرکوێرکراو بیریان ڕوخێندراو مێشکیان تەقێندرا ،وە نابێت کە هەرگیزاو هەرگیز ئەم هەنگاوە مەزنە پوچ بکرێتەوەو هەولی سەرکەوتنی بۆ نەدرێت،جادەبێ هەمووکوردێك، گەورەو بچوك، ڕابەرو پێشمەرگە ئەم هەلە پیرۆزە بپارێزن و کوردستان بکەن بە سەرچاوەی خۆشەویستی و گیانی یەکبوونمان و هەمووبیرو بۆچونێکی تەسکی حزبایەتی و خودی توورِ بدەین و ببین بە قوربانی کوردو کوردستان نەك کوردستان بکەین بە قوربانی خۆمان و حزبەکەمان. ئەمەش بۆ خۆی ڕێبازی گەورە پیاوان و شۆڕە سوارانی گەلەکەمانەو هیوای سەروەرانی هەمیشە زیندوو و ئاواتی گیانی پاکی شەهیدە نەمرەکانمانە ،ڕابەری مەزن و گەوەی کورد مستەفابارزانی سەرکردەی نەمر و گیان قوربانی کوردستان هەمیشە دەیفەرموو و دەیگوت (من خزمەتکاری گەل و نیشتمانی خۆمم و پێشمەرگەیەکی ڕاستەقینەی کوردستان وگەلە چەوساوەکەی خۆمم و سەرو مال و گیانم بۆ کوردستانەو لەم ڕێگەوە سەرم دادەنێم و کوردستانی خۆم خۆش دەوێت) بارزانی و هەموو سەروەرانی نەمری کورد تا لەژیان دابوون هەر ئاوا بوون و لەو ڕێگەشەوە سەری خۆیان دانا ،کەئەمەش دەبێ ببرو بۆچوونی هەر سەرکردەو پێشمەرگەو کوردێکی دلسۆزی ئەمرۆش بێت،هەرکەسێ کە دژی بەرژەوەندی کوردستان ڕەفتار بکات دوایی هەرشکەست دێنێ وبە هەزاران نەفرینی لێ دەکرێت.ئەوکاتە ئێمەی کوردیش بە ئاواتەکانمان دەگەین و ڕزگار دەبین کە دلسۆزانەو ژیرانە و مەردانە وەکو سەروەرە نەمرەکانمان بیر بکەینەوەو پێشمەرگەی ڕێبازی ڕاستەقینەو دلسۆز و وەفاداری کوردایەتی و کوردستانمان بین.گەلۆ چەند خۆشە کەهەمیشە ئاوا بینین و هەردەم بەرژەوەندی کوردستان ڕەچاو بکەین و هەولی سەرکەوتنی ئەم هەلە پیرۆزەی ئەمرۆمان بدەین،چەند لە باروهەستی بەرز بوون کە (هێژاو بەڕێز کاك مەسعودبارزانی داوای کردو فەرموێ:دەبێ بەرژەوەندی کوردستان ڕەچاو بکەین و لەیەك بگەین وتاوەکو یەکگرتن سەقامگیربێت وئاشتی سەرکەوێت) هەروەها بەڕێز(مام جەلالیش فەرمووی:دەبێ شەڕی خۆکوژی حەرام بکرێت وپەرلەمان بریاری لەسەربداتن وتاکو کەس بیرلەشەڕی خۆکوژی نەکاتەوە)ئای کە چەندە مەزنایەتی و گەورەییە کە ئەم پەیڤانە بین بەپەیمانی کوردایەیەتی وکەس مافی پاش گەز بوونەوەیان بۆ نەبێت و هەموو ئەم پەیڤانە بەو پەڕی هێز و تواناوە جێ بەجێ بکرێن و لە دەروون و باوەڕێکی ڕاستەقینەوە هەلقولا بێت، دەبا هەموو ڕابوردوە تالەکانمان هەمیشە بۆ پەند وەرگرتن لەیادا بێت و هەرگیزکۆنەکایانیش بۆخراپەکاری و تێکدان و نیفاق بەبا نەکەینەوە،هەرچەندەکەخەم وئازارەکانیشمان زۆرکێشاوەو نەگبەتی و بەدبەختیمان ئەوەندە زۆر دیوە و بەهەزاران هەزار ڕۆلەی ژیان نەدیوی میللیشمان بونەتە قوربانی هەستی تەسکی حزبایەتی و ناڕەوایی کردن و لە یاد کردنی کوردو کوردستان و ئەو شەڕەخۆکوژیەی سالەهای سالی پڕ لە قرێژ و بەدبەختی کە بەسەر گەلی کورد دا سەپێندرابوو برینێکی قولەو تا سالەهای سال ژانەکانمان لە بیر ناچنەوە ،تەنیا بە بن بڕ کردنی ئەو هەستەچەپەلە وخۆکوژیە نەبێت و دەبێ کەپەندیان لێ وەرگرین جا بۆئەوەی گیانی هەموو شەهیدە نەمرەکانمان شاد بکەین و هەستی پاکی یەکگرتن لەڕێگەی سەربەرزی کوردستان دا ڕەچاو بکەین،دەبێ پیاوخراپان و شەڕ خوازان و ئەوانەی کە لە دل و دەروون نەخۆشن و یان نۆکەرو دەستی داگیرکەرانن و لەوانەشە کە لە زۆر شوێن و جێگەوە خۆیان گرتبێت کە لە هەموو کات و ساتێك دا سەرهەل دێنن و نیفاق و کینەو هەستی ژەهراوی بلاو دەکەنەوەو هەموو سات و کاتێکیان تەنیا بۆ وەدی هێنانی نیازە گلاوەکانی داگیرکەران و نەیارانی کوردستان تەرخان کردووەو بیری کورد کوژیان لە ناو خوێن دایە ،دەبێ بە گیانی یەکگرتن و کوردایەتی ڕاستەقینەو هەستی پاراستنی کوردستانی ئازیزمان لە شەڕی

شەڕەنگیزان و ئەوانەی کە بەرامبەر بە گەل و نیشتمانیان هەر خیانەت دەکەن و هەتا خۆ فرۆشی هەبێت هیچ ناکەن بەو گیانە پاکەی یەك گرتن توریان بدەین و بیان خەینە ناو چالە مەرگی سەرشۆڕی وزبلدانی مێژووەوە ، ئەوساکە بە ئاوات دەگەین و ڕزگاریمان دەبێت کە تەنیا بۆکوردستان بیربکەینەوەو پڕو پوچی و ناڕەواییەکان بە گیانی یەکگرتن بنبڕ بکەین و هەرگیز نەهێڵین کە نیازی گڵاوی نەیاران و داگیرکەرانمان وەدی بێنن، بۆیە دەبێ بە دل و بە گیان هەموو لە هەموو یەك بگرین.

من وەکو کوردێکی ساڵانی درێژی پڕ لە نەهامەتی ومەینەت و ئاوارە و پڕ لە کوێرەوەری و دووری لە خاکە شیرینەکەی خۆم و ساڵەهای ساڵ وێل و دەربەدەر لە پێناوی خاك و میللەتەکەم وهەتا بلێی دل پڕ لە بەژان و حەسڕەت و جەفا ،کە کوردستانەکەی زێدی باوك و باپیرانی ئازیزی خۆم و خاکی پارە پارەو لێ داگیرکراوم و نیشتمانی وێرانەو خاپوور کراوەکەی خۆم لە هەموو شتێکم لەلا خۆشەویسترەو خۆم و ماڵ و مندال و هەموو بیرو بۆ چون و هەستێکم تەنیا لە ڕێگەی کوردستانەوە بەخت دەکەم و بە دل و بە گیان بە قوربانی کوردستانی خۆم دەبم و ڕووگەی هەست و بیر و هۆش و هەموو بوونێکم تەنیا کوردستانە دەمەوێ ئەوە بلێم و ڕوو بکەمە هەموو ئەوانەی کەزۆر ناڕەوایانە پەلاماری خۆیی دەدەن و لە هەموو شوێن و سات و باسێکیان دا دوژمنانی ڕاستەقینەیان لە بیر کردۆتەوەو خۆیان لە پەنای دوژمنانی کوردو کوردستان دا دەبیننەوەو بە هەر شێوەیەکی کە بۆیان بلوێت دژ بە خاك و نەتەوەکەیان و دلسۆزان و نیشتمان پەروەران و خاکە پیرۆزەکەیان دەوەستن وتا خەراپە هەبێت چاکە نازانن چیەو هەمیشە چاویان بڕیوەتە کاری نابەجێ و دوژمنانە بیر دەکەنەوە جگە لەوەی کەگول نین و هەردەم دڕکن لە ڕێگەی بزوتنەوەی ئازادیخوازی و سەربەخۆیی کوردو کوردستان دا ،دەمەوێ بلێم کە ئەم جۆرە کەسانە قەت بە ئاوات ناگەن و دەبێ کە ئەوانە زۆر چاك بزانن هەرچەندە ئەوان پڕو پاگەندە بکەن و هەولی کز کردن و لە ناو بردن و سەرخستنی داگیرکەران بە کردەوەش بدەن و دژ بە خاك و نەتەوەکەیان قۆلی نامەردانەیان لێ هەل بکەن و پەلاماری سەروەران و خۆشەویستانی کورد بدەن ئەوا سەری خۆیان لە بەرد دەدەن و ئەو جۆرە کەسانە جگە لە شەرم و شورەیی و سەرشۆڕی بەولاوەیان هیچی تریان بۆ نامێنێتەوە ،هەرچەند خۆیان پف بدەن و بە هەستی چەوت و نالەبارو نەزانینی و خیانەت کارانەیانەوە ببنە چقلی ڕێگەی ئازادی و بەختەوەری گەلی کورد ئەوا هەرگیز ئاسودە نابن و بۆخۆشیان ئەو ڕاستیە زۆر چاك دەزانن کە دەروونی خیانەت و خراپەکاری بەرامبەر بەگەل و نیشتمان تەنیا سەر شۆڕیە ،جا با کەمێ بیر بکەنەوەو ئەو هەستە گلاوو نامەردانەیان لە دەروونی خۆیان دا وەلا بەرن و بێنەوە ڕێزی خەبات و تێکۆشانی ڕاستەقینە و با بە پێنوسەکانیان ڕوو بکەنەوە گەلی کوردستان و هەستی ناپاکی و ژەهراویان واز لێ بێنن و بۆ نیشتمانی خۆیان بنوسن وژەهر بلاو نەکەنەوە و هەلەکانی خەباتگێڕان و ئەوانەی کە خۆیان بۆ نیشتمانیان تەرخان کردووە بابە دلسۆزانە ڕاست بکەینەوەو هەلەی گەورەتر لەو کەسانە نەکەن کەتوشیان بە هەلە کردن دەبێت، با موغرازەنە و دوژمنانە باسیان لێوە نەکەن وهەتوانی زامە کۆن و تازەکان بدۆزنەوە ،نەك برینەکان پڕ لە خوێنتر بکەن و قەتماغەکان بۆ زۆلیەیەتی و کولتر کردنیان هەل نەکەنێن و نەیان کولێننەوە باژانی برینانی ساڵەهای ساڵمان چارەسەری ڕاستە قینەیان بە گیانی ەکگرتنکان بکەین،کە تەنیاو تەنیا گیانی یەکگرتنە دکارێ برینەکانمان هەتوان بکاتن.

بەسیەتی با چیتر لە سەر حیسابی ئەم و ئەو نەژین و یەکتر بەکەم نەزانین و دوژمنان و داگیرکەرانیش بە گەورەی خۆمان بزانین ،با ڕاستگۆیانەو دلسۆزانە بڕوانینە کێشەکانەوە ،با هەل و مەرجەکان لێك بدەینەوە ،باهەڕەمەکی مل لە هەورازان نەنێین و خۆمان لە هەموو شتێ بە ڕاست نەزانین و با زۆر بە وردی بڕوانینە ئەو شوێنەی کە لە چاوی خۆمان دایەو ئەوسا دەرزی لە چاوی خەلکانی ترەوە ببینین و کەمێ بیر لەو شوێنانەبکەینەوە کەساڵەهای ساڵە لە چاوی خۆمان دا نایبینێن ،دەبا ئەوەی کە باشە بۆ خۆمان هەولی سەر کەوتنی بدەین و ئەوەی کە خراپیشە ،با نەفرینی لێ بکەین و خۆمان بەرەو هەلدێرو نەمان نەبەین، بەسیە هەتاکەی هەر نەزان و ژێر دەستەو مەلول و دەربەدەرو ئاوارەو سەرگەردان و خەریکی چاڵ هەلکەندین بۆ خۆمان بین.

ئای کە بەرزە زانایی بوون ئای کە شـــادە ڕزگاری بـــوون

دەبا ئێمەش وێکڕا بمرین		بە خوێنی دل شادی بکڕین
هەتوانی زام یەك گرتنە		چارەی ژینمان ڕێکخستنە
ئەگەر کوردیش یەك نەگرێ		سەربەخۆیی پێ ناسەندرێ
بژی بژی گیانی یەك بوون		هەستی پاك ودلسۆزی بوون
بمرێ ئەوەی دژ یەك بوونە		بمرێ هەرکێ دەست بە خوونە
بژی کوردو کوردستانمان		بژی ڕێگەی بەرزی ژیانمان
کێ نامەردە هەر گڕوو بێ		ڕوورەش خۆایەهەر سەرشۆڕبێ
تف لەڕووی تۆئەی داگیرکەر		ئەی زۆرداری پیس وماکەر

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت